# کەسێکی فاش ڕمل لێدەداو درۆ دەهۆنێتەوە،

## بەڵام حزبی ڕزگاریی کوردستان بە پێوە ڕاوەستاوە و درێژە بە تێکۆشان دەدات

لە لاپەڕە 6ی ژمارە 641ی ڕۆژی 30-6-2010 ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی دا کەسێک بە ناوی زەید مەحمود عەلی ژەهری خۆی بە حزبی ڕزگاریی کوردستان دا هەڵرشتوە و گوتویەتی " حزبی ڕزگاری فەشەلی هێنا" ئێمە لە حزبی ڕزگاریی کوردستاندا ئەگەر بماندیتبا 1% یەک لە سەدای قسەکانی ڕاستن، هەرگیز ڕێمان بە خۆمان نەدەدا وەڵامی ئەو کەسە بدەینەوە، بەڵام کە دەبینین سەرتاپای قسەکانی ڕمل لێدان و درۆ هۆنینەوەیەو مەبەستی چەواشەکاریە، بە پێویستمان زانی خوێنەرانی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ڕاستیەکان ئاگادار بکەینەوە:

1- زەید مەحمود خۆی وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی حزبی ڕزگاریی کوردستان ناساندوە، ئەمە هیچ ڕاستی تێدا نیە، چونکە حزبی ڕزگاریی کوردستان لەلایەن دەستەیەک نوێنەری دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتنی کوردستان لە 15-8-1993 ڕاگەیەندرا، بەڵام زەید هیچ کاتێک ئەندامی حزبی یەکگرتن نەبووە، هەروەها ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەندامی حزبەکانی (سۆسیالیست، گەل و پاسۆک ) نەبووە کە حزبی یەکگرتنیان دروست کردبوو. لێرەدا لێی دەپرسین: ئەگەر تۆ ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەی حزبی ڕزگاریی کوردستان بوویت، دەبێ بزانیت کە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر ڕۆژی 15-8-1993 لە ماڵی کێ کۆبوونەوەو چەند کەس بوون و کێ ڕاسپێردرا تا ڕاگەیاندراوەکە بنووسێ و کێش تایپی کرد؟! ئەگەر وەڵامی یەکێک لەو پرسیارانەت زانی ئەوە دەست خۆشیت لێدەکەین و حزبی ڕزگاریی کوردستان تەسلیم بە تۆ دەکەین. ئێمە نامانەوێ باس لە ڕابردووی نا درەخشانی کاک زەید بکەین، چونکە بۆ خەڵکی هەولێر ناسراوە، بەڵام دەڵێین چەند مانگێک بەر لە ڕاگەیاندنی حزبی ڕزگاریی کوردستان، زەید مەحمود بە پشتیوانی پارتی کرێکارانی کوردستان بزووتنەوەی دیموکراتی فەیلی دروست کرد.

2- زەید مەحمود عەلی لەگەڵ کاک عەبدوڵلا جندی ڕۆژی 7-2-1994 هاتنە ناو بارەگای حزب لە شاری هەولێر، کاک عەبدوڵلا جندی ناسیاوی لەگەڵ هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب هەبوو. ئەوان وەک میوان هاتبوون، بۆیە سکرتێری حزب بە تەنیا لەگەڵیان دانیشت، هەر ئەو کاتە کاک زەید خۆی و بزووتنەوەکەی ڕادەستی حزبی ڕزگاریی کوردستان کرد. هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد بە تەنیا بڕیاریدا کە ئەوان وەربگیرێن، هەروەها زەید شەرحی حاڵی خۆی کردبوو کە قەرزارە، بۆیە هەڤاڵ سکرتێری حزب شەش هەزار دیناری بۆ قەرزەکە پێدا، هەروەها هەزار دیناریشی وەک یارمەتی بۆ خۆی پێدا. پێشیگتبوو کە هەرچی شت لە بارەگای بزووتنەوەی دیموکراتی فەیلیدا هەیە، بۆ خۆت بیفرۆشە. بەیاننامەی هاتنی ئەوان بۆ ناو حزبی ڕزگاریی کوردستان لە لاپەڕە هەشتی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی **ڕێگای ڕزگاری** بڵاوکراوەتەوە کە مانگی شوباتی 1994 چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

3- کاتێک زەید مەحمود لە ڕیزەکانی حزب وەرگیرا، حزبی ڕزگاریی کوردستان بارەگایکی گەورەی هەبوو، ڕۆژنامەی ڕێگای ڕزگاری چەندین ژمارەی لێ بڵاوکرابۆوە، ڕادیۆی دەنگی ڕزگاری ڕۆژانە بۆ ماوەی 12 کاتژمێر بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکرد. هەروەها بە فەرمی داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبوو کە مۆڵەتی کارکردنی پێبدا.

4- زەید مەحمود فەرموویەتی!! (ئێمە دەمانویست حیزبەکە لەسەر بنەمای دیموکراتی و پەیڕەوکردنی هەڵبژاردن دابمەزرێت، بەڵام ڕێکار دەیوت دەبێ بە تەسکیە ببمە سکرتێر).. دیسانەوە زەید هەنبانەکەی والآکردوە، چونکە کاتێک زەید هاتە ناو حزبی ڕزگاری، هەڤاڵ ڕێکار سکرتێری گشتی بوو، هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیش ئەو ڕاستیە دەزانن، ئەگەر هەڤاڵ ڕێکار بۆ دیدارو سەردانەکان ئەوی لەگەڵ خۆی نە بردبا نەکەس دەیناسی و نەکەسیش پێشوازی لێدەکرد. دواتر ئەگەر زەید باس لە دیموکراتی و هەڵبژاردن دەکات، ئەی بۆچی نەیوێراوە بێتە ناو کۆنگرەکانەوە. حزبی ڕزگاریی کوردستان تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە، لە یەکەمین کۆنگرە بە نووسراوی فەرمی داوای لێکرا بێتە ناو کۆنگرە، نەهات، بۆ دووەمین کۆنگرەش هەڤاڵ ڕێکار خۆی سەردانی کردو داوای لێکرد کە بێتە ناو کۆنگرە دیسانەوە نەهات.

5- زەید گوتویەتی( دوای ئەوەی بووم بە سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی فەیلی و چومە ناو پەکەکەوە، دواتر هەندێک کێشەم هاتە پێش گەڕامەوەو لەگەڵ ڕێکار بەیەکەوە بووین بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی ڕزگاری) . لێرەدا ویستویەتی وا پێشان بدات کە سەرەتا ڕزگاری بووە، پاشان ئەو کارانەی کردوە، بەڵام لێرەشدا هەر پەنای بۆ چەواشەکاری بردوە، چونکە چەند مانگێک بەر لە ڕاگەیاندنی حزبی ڕزگاریی کوردستان، زەید مەحمود بە پارەی پەکەکە بزووتنەوەی دیموکراتی فەیلی دروست کردبوو، کاتێک پەکەکە لە ڕابردووی زەید ئاگادار کرابۆوە، پشتیان تێکرد، کێشەکە ئەوەیە کە زەید گوتویەتی هەندێک کێشەم هاتە پێش!! هەرکەسێک ئەگەر بیەوێ ناڕاستیەکانی زەید مەحمودی بۆ دەر بکەوێت دەتوانێت بۆ ئەرشیفی ڕۆژنامەی ڕێگای ڕزگاری و گۆڤاری پێشەنگ بگەڕێتەوە کە ئەوکاتە حزبی ڕزگاری دەری دەکردن، لەوێ دەردەکەوێ کە لە دیدارەکاندا ناوی هەڤاڵ ڕێکار وەک سکرتێری گشتی و ناوی زەید وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی هاتووە.

6- زەید مەحمود گوتویەتی( سکرتێری حزب دامەزرێنەری حیزب نییە، بەڵکو دامەزرێنەری حیزب فیکری و ئایۆلۆجی بە دامەزرێنەری حیزب دادەندرێت، لە حزبی ڕزگاریش مەنسور حیکمەت دامەزرێنەری فیکری بوو) کاتێک ئەو وشانە دەخوێندرێتەوە مرۆڤ بە زەیی پێدا دێتەوە، چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان حزبی ڕزگاریی کوردستان باسی لە مەنسوری حیکمەت نەکردوە، لەوانەیە زەید حزبی ڕزگاری و کۆمۆنیستی کرێکاری لێ تێکەڵ بوویێت، دەنا ڕزگاری خۆی بە درێژەدەری فیکری سەربەخۆخوازی و یەکسانیخوازی زانیوە. دواتر حزبی ڕزگاریی کوردستان لەلایەن هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد کە ئەندامی سەکردایەتی حزبی یەکگرتن بوو لەگەڵ دەستەیەک کادری دووەمین کۆنگرەی ئەو حیزبە ڕاگەیەندرا، ئەوانیش لە دوورو نزیکەوە پێوەندیان لەگەڵ فیکری مەنسوری حیکمەت دا نەبووە.

7- زەد مەحمود گویەتەی( بەپێوەری خۆم هەر حیزبێک بۆ ماوەی 5 ساڵ نەبێتە حیزب، ئەوە مانای ئەوەیە سەرکەتوو نەبووەو نابێتە حیزب) لێرەدا زەید خۆی ڕووبەڕوی پرسیارێکی سەخت کردۆتەوە، باشە ئەگەر حزبی ڕزگاریی کوردستان لە دوای 17 ساڵ نەبۆتە حزب و هیچ ئەندام پەرلەمانی نیە، ئەی بۆچی واز ناهێنێ و ئێستاش هەر گرفت بۆ حزبی ڕزگاریی کوردستان دروست دەکەیت؟ باشە خۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لە 16ی ئابی 1946 دامەزرا تا ساڵی 1970 هیچ وەزیرێکی نەبوو؟! یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە 1-6-1975 دامەزرا تا ساڵی 1992 هیچ ئەندام پەرلەمانی نەبوو؟ ئەی باشە ئەوانەش حیزب نەبوون؟ حیزبی شیوعی عێراق لە 1934 دامەزراوە ئێستا هیچ ئەندام پەرلەمانێکی نیە.

8- زەید گوتویەتی( 17 ساڵە من و ڕێکار خۆمان بە سکرتێری حیزب دەزانین و هەر بەو هۆیەشەوە بودجەکە خەرجناکرێت، بیانۆی حکومەتیش ئەوەیە کە ئەم بودجەیە دەدرێتە یەک حیزب) لێرەدا نازانین بۆچی و لەپای چی زەید بەو شێوەیە خۆڵ لە چاوی خەڵک دەکات؟ زەید خۆی دەزانی کە لە 24-6-1995 حیزبی ڕزگاریی کوردستان مۆڵەتی کارکردنی لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە، ئەوکاتە زەید لەگەڵ حیزب دانەبووە، هەروەها لە لە 1-12-1998 ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بڕیاری داوە کە بودجە بۆ حیزبی ڕزگاریی کوردستان تەرخان بکرێت، ئەو کاتەش زەید لەگەڵ حیزب دا نەبووە. هەروەها لە حوزەیرانی 2005 دا حکومەتی هەریم ئەو بودجەیەی بۆ حیزبی ڕزگاریی کوردستان دابین کرد، تا کۆتایی 2009 ئێمە ئەو بودجەیەمان وەرگرتووە، هەروەها ئەمساڵیش چەند مانگێک ئەو بودجە بە حزبی ڕزگاری دراوە، بەڵام دوو هەڤاڵ لە دووەمین کۆنگرە ببونە سەرکردایەتی و بەشداریان لە سێهەمین کۆنگرەدا نەکرد و حزب دەریکردن، ئەوە کراوەتە بیانۆ بۆ ڕاگرتنی بودجەی حزب. زەید لە خۆڕاوە دەیەوێ وا پێشان بدات کە باڵێکی حزبی ڕزگاریی کوردستانەو پشکی لە بودجەی حزب دا هەیە. لە وەزارەتی ناوەخۆ بە ئێمەیان گوت کە مۆڵەتی کارکردنی حزبی ڕزگاری هی ئێوەیە، بودجەکەش لە ئیدارەی سلێمانی بۆ ئێوە بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام زەید بۆیە داوای بودجە دەکات چونکە دوو ئەندامی سەکردایەتی پێشووی حزبی ڕزگاری چوونەتە لای ئەو!

9- زەید گوتویەتی( کۆنگرەی ئەمڕۆ هەموو فرتوفێڵە و خەڵک لەسەر جادە دەهێنرێت و دەنگ دەکردرێت) بەو قسانە دەردەکەوێ کە زەید چەندە دیموکراتیەو چەندە باوەڕی بە کۆنگرەو هەڵبژاردن هەیە؟!. زەید مەحمود کاتی خۆی سەردەمی شەڕی ناوەخۆی قۆزتەوە، بارەگای بۆ داندرا، چەندین جۆر بودجەی بۆ دابین کرا، بەڵام نەیتوانی کەس کۆ بکاتەوە. دەیباشە تۆ کە بودجەت هەبوو ئێستاش مووچەی چەندین پاسەوان وەردەگریت بۆ ناتوانیت تەنیا دوو کەس کۆبکەیتەوەو دەنگی دوو کەس بکرپیت؟!

10- زەید گوتویەتی( حیزبی ڕزگاریی کوردستان وەکو دوکانێک بەدەست کەسێکەوەیە، ئەمە جگە لەوەی ناشەفافی دارایی هەیە). ئێمە نازانین چۆن زەید بوێری ئەوەی کردوە کە ئاوا پێ لێ درێژ بکات. زەید خۆی باوەڕی بە کۆنگرە نیە و جورئەت ناکات بچێتە ناو هیچ کۆنگرەیەکەوە، بەڵام هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد لە هەر سێ کۆنگرەکەی حزبی ڕزگاریی کوردستاندا بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بۆ سکرتێری گشتی هەڵبژێردراوە. هەروەها ئەو شەفافیەتەی لە دارایی حزبی ڕزگاریی کوردستاندا هەیە، لەهیچ حزبێکی دیکەدا نیە. لە سێهەمین کۆنگرەدا ڕاپۆرتی دارایی ئاماژەی بە وردترین شت دابوو، لە سەر شێوەی نامیلکەش بڵاوکراوەتەوە. زەید فەشەلی بە بزووتنەوەی دیموکراتی فەیلی هێنا، دواتر هات و خۆی بە حزبی ڕزگاری شۆڕکردەوە، زەید لە 7-2-1994 هاتە ناو حیزبی ڕزگاری و لە کۆتایی مانگی یازدەی هەمان ساڵیش ڕۆیشت، بەڵام لەسەر پشتی حزبی ڕزگاری توانی ژیانی خۆی دابین بکات. زەید زۆر باشی لە بیرە کە هاتە ناو ڕزگاری قەرزار بوو، هەڤاڵ ڕێکار قەرزەکانی بۆ دایەوە، زەید لە خانووی کرێدا دەژیا ، پاسکیلیشی نەبوو، بەڵام سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی سەیارەو خانووی خۆیان هەبوو، کەچی ئێستا بارەکە پێچەوانە بۆتەوە، ئەوەتا زەید هەم خانووی هەیە هەمیش سەیارەی ئاخر مۆدیلی هەیە، ئەو ڕاست دەکات هیچ شەفافیەت لەو داراییەدا نیە کە لە ژێر دەستی ئەو دایە. زەید با خۆی لێ نەگۆڕی و بەبیر خۆی بهێنێتەوە کە لەترسی قەرزاران جێی پێ جێ نەبوو، ناچار قاپ و قاچاخی ناو ماڵەکەی دەفرۆشت. لە 10ی نیسانی 1994 هەڤاڵ ڕێکار لەگەڵ هەڤاڵێکی دیکە بە سەردان چوون بۆ تورکیا و ڕۆژی 21ی نیسان گەڕانەوە، واتە تەنیا 11 ڕۆژیان پێچوو، زەید ئەوەی بە دەرفەت زانی، چوو بەناوی هەڤاڵ ڕێکار بڕی بیست هەزار دیناری لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە قەرز وەرگرت، ئێستاش نەیدایەوە. دواتر لە کۆتایی ساڵی 1994 کە حزبی ڕزگاری جێهێشت، سەردەمی شەڕی ناوەخۆ بوو، زەید جێی بۆ کرایەوە لە شەقلاوە بارەگای بۆ داندراو چەندین شێوە بودجەی بۆدابین کرا، بەڵام هیچ چالاکی لێنەبینرا. لە مانگی تشرینی دووەمی 1996 هاتەوە ناو شاری هەولێر، نووسینگەیەکی بچووکی دانا، بەڵام هیچ پارەی سەرف نەکرد، ئەو تاقم قەنەفەو شتانەی کە ئێستاش لە شوقەیەکدا بەناوی نووسینگە دایناوە هی ماڵی شەخسی هەڤاڵ ڕێکارەو بە تاڵان بردویەتی. ماوەی چەندین ساڵ بە بەردەوامی زەید بە پارە بەرگەی عبوری بۆ خەڵک دروست دەکردو ڕەوانەی ئێرانی دەکردن. لەلایەکی دیکەشەوە ئێستا زەید مووچەی چەندین پۆلیس لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێ و بۆ خۆی گلی دەداتەوە. زەید بارەگای نیە تەنیا ژوورێکی وەک نووسینگە هەیە، هیچ پێشمەرگەو پاسەوانی نیە، هیچ بڵاوکراوەو ماڵپەڕی ئینتەرنێتی نیە، تەنیا جارو بار لەم شوێن و لەو شوێن دەردەکەوێ و داوای بڕینی بودجەی حزبی ڕزگاریی کوردستان دەکات.

11- لە دوایین قسە نەستەقەکانی خۆیدا زەید گوتویەتی( بودجەکەشمان مانگانە بیست ملیۆن دینارەو ڕاوەستاوە) ئێمە لە زەید دەپرسین: ئایا تا ئێستا چەند جار تۆ ئەو بودجەیەی حزبی ڕزگاریت وەگرتووە کە بیست ملیۆن دینارە؟! ئایا کەی ئەو بودجەیە بۆ حزبی ڕزگاریی کوردستان دابین کراوە؟! ئایا هەفتەنامەی ڕۆژی گەل و ماڵپەڕەکانی ڕزگاری و ڕۆژی گەل هی ئێوەن؟ ئایا تا ئێستا چەند جار لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بەشداریت کردوە؟! ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان تۆیان وەک سکرتێری گشتی حزبی ڕزگاریی کوردستان ناسیوە؟! ئایا چۆن 17 ساڵ تۆ سکرتێر بوویت، بەڵام لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە سێهەمین کۆنگرەی حزبی ڕزگاریی کوردستاندا دەرکراون بەبێ کۆنگرە و کۆنفرانس یەکتان گرتەوەو هەمووتان بوون بە دەستەی سەرۆکایەتی؟! ئایا تۆ چەند ساڵ خەباتت لە ڕیزی حزبە کوردستانیەکان دا هەیە؟! ئایا شەرم داتناگرێ کە ئاوا ڕمل لێدەدەیت و درۆ دەهۆنیتەوەو دەرخواردی خەڵکی دەدەیت؟! ئایا تۆ هەفتەنامەی ڕۆژی گەل ناخوێنیتەوەو نازانیت کە حزبی ڕزگاریی کوردستان بە پێوە ڕاوەستاوەو درێژە بەتێکۆشانی خۆی دەدات؟!

**مەکتەبی ڕاگەیاندنی**

**حزبی ڕزگاریی کوردستان**

2010-7-1

# قەزافی: ڕیفراندۆم کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا یەکلایی دەکاتەوە

سەرچاوەکانی هەواڵ ڕایاگەیاند؛ معەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا لە کاتی پێشوازیکردنی لە شاندێکی جەزائیری کە پێکهاتبوو لە نوێنەری بەرەی ڕزگاری نیشتمانی، کۆبەندی نیشتمانی دیموکراتی و بزووتنەوەی ئاشتی کۆمەڵگە، گوتویەتی: 'ئێستاش دەڵێم ڕیفراندۆم چارەسەرە، ئێمە وەک عەرەب و موسڵمان براین، شەڕکردنمان لەگەڵ یەکتر حەرامە، دەبێ جارێکی دیکە بۆ چەک نەگەڕێینەوە'

معەمەر قەزافی سەرۆکی وڵاتی لیبیا کە بە هەڵوێستە بێمنەتەکانی ناسراوە، بەوهۆیەشەوە وڵاتانی عەرەبی دژایەتی لەگەڵدا دەکەن، بەڵام سەرسەختانە پێداگری لەسەر بۆچوونەکانی خۆیدا دەکات وپشتیوانی لەگەلانی ژێردەستەو داگیرکراودا دەکات، ئێستاش کە جەخت لەسەر بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا کە بە کێشەی پۆلیساریۆ ناسراوە، دەکاتەوە.

قەزافی دووپاتی لەسەر بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم کردۆتەوەو گوتویەتی" بەبێ ڕیفراندۆم هیچ چارەسەرێک نیە، دەبێ هەموو ئەوانە ناچار بکرێن کە ڕیفراندۆم ڕەت دەکەنەوە"

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە گرژی نێوان جەزائیرو لیبیا بۆ پەروەندەی تەواریقەکان دەگەڕێتەوە، بەهۆی ئەوەی کە لیبیا پشتگیری لە خواستی تەواریقەکان دەکات و هەوڵی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ئەوان دەدات، ئەو کارەش بە زیانی جەزائیر تەواو دەبێ، لەکاتی دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی تەواریقی، ڕووبەڕێکی فراوان لە خاکی جەزائیر کەم دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەوەی کە سەرۆکی جەزائیر لە لوتکەی وڵاتانی عەرەبیدا نیگەرانی خۆی لە مەترسی ڕێکخستنی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە وڵاتانی ڕووکەنارو بیابانەکاندا پێشان دابوو، ئەوەش بە خواستنی هێنانی سوپای ئەمریکا بۆ ناوچەکە لێکدەدرێتەوە، وڵاتی لیبیاش زۆر بە توندی دژی هاتنی سوپای ئەمریکا بۆ وڵاتانی ڕووکەنارو بیابانەکانی ئەفریقا دەوەستێتەوە.

پێداگرتنی معەمەر قەزافی سەرۆکی وڵاتی لیبیا لە سەر بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم بە هەر هۆیەک بێت، لەبەرژەوەندی گەلانی داگیرکراو ژێردەست دا تەواو دەبێ، چونکە ئەگەر بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا لەنێوان شانشینی مەغریب و بەرەی پۆلیساریۆدا، ڕیفراندۆم بەڕێوەبچێ، کە هەردوو لایەنیان خۆیان بە عەرەب دەزانن، یان ئەگەر بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی تەواریقەکان بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم سەرپشک بکرێ، بێگومان ئەوکاتە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراق کە دوو نەتەوەیی جیاوازن، خواستی بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم زۆر ئاسان و گونجاوتر دەبێ، دۆست و لایەنگری زیاتری بۆ پەیدا دەبێ.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە وێڕای ئەوەی کە زۆرێک لە سیاسەتمەدارو ئابووریزانان جەخت لەسەر هەڵگرتنی سنوورەکان دەکەنەوەو هەوڵی یەک دراوی دەدەن، بەڵام دیسانیشەوە خواستی پێکهێنانی دەوڵەت نەتەوەیی لای ئەو گەلانەی کە تا ئێستا بە ئازادی و سەربەخۆیی نەگەیشتوون، ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرفراوان و پڕلایەنگیرتر دەبێ. هەڵبەت گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە تا ئێستا بە کامی ئازادی و سەربەخۆیی نەگەیشتووە، هەربۆیەش زۆر شێلگیرانە بەرەو ئاڵای کوردستان دەچن، هەروەها زۆرینەی کوردستانیان لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی تێدەکۆشن، هەر ئەمەش وایکردوە کە سەرانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە سەرسەختانە درێژە بە ملهوڕی بدەن و دەرگە بەڕووی باهۆزی دیموکراتیزەکردن دابخەن و ئاوڕ لە مافی مرۆڤ و خواستی گەلانی ژێر دەست نەدەنەوە.

**سەربەست کانەبی**